## سارتەر
## ڕێبەری بوونگەرایی و نیهیلیزم

((یەکەمین شتێك کەدەبێ تێبگەیت، ئەوەیە کەتێناگەیت))

**کیرکەگۆر**

سارتەر، نوێترین فەیلەسوفی سەدەی بیست، یەکەمین کەس بوو ئەوەی ڕایگەیاند» کەفەلسەفەی (ئێگزستانسیالیزم-بونگەرایی) قبووڵە، لەهەمانکاتیشدا یەکەمین کەس بوو کەهەموو فەلسەفەکەی بەروونی خستەروو بانگەشەیەکی جدی بۆکرد.

ئەگەرچی زۆر لەفەیلەسوفە سوننەتیەکان پێیانوابوو، کە نەسارتەرو نەبوونگەرایی پەیوەندیەکی ڕاستەقینەیان بە فەلسەفەوە نییە. لەکاتێکدا دەتوانین بڵێین هەموو ئەو چەمکانەی لای فەیلەسووفە بونگەراکان بابەتی سەرەکین لەبابەتی (ئازادی، هەستکردن بەبەرپرسیارێتی، هەڵبژاردن و بڕیاردان) ئەمە جگەلەوەی لای هەندێک لای بونگەراکان وەک (هەستکردن بەکۆتایهاتن، نامۆبوون، نائومێدی ومەرگ...) چەمکی ئەو فەلسەفەیەن.

بەم پێیە بێت، سارتەر کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو فەلسەفەیە هەیە و هەرکام لەو چەمکانە ڕەنگدانەوەی لەناو ژیان و واقیعەتی سارتەردا هەیە.

سەرنج بدەن لەمبارەیەوە سارتەر چی دەڵێ ((یەکەمین کاریگەری بوونگەرایی ئەوەیە کەمرۆڤ بەخاوەنی خۆی دادەنێت و پاشانیش تەواوی بەرپرسارێتی بوونی دەخاتە ئەستۆی خۆی)) یان دەڵێ ( مرۆڤ، مەحکومە بەئازادی) تا دواجار دەڵێ (مرۆڤ سۆزێکی بێ هودەیە). بۆیە وتەکانی سارتەر لەگەڵ ئەو چەمکانەی کەفەلسەفەی بوونگەرایی پێیدەناسرێتەوە، یەکانگیرن.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە ڕەنگە قسەکەی (ڕۆجەر.ل.شین) کەدەڵێ (هەر بوونگەرایەک ڕێز لەخۆی بگرێت، نایەوێ پێی بڵێن بوونگەرا) سەددەسەد بەسەر سارتەردا ببڕێ و ئەوەندەی تر سارتەر لەپێشەوایەتی بوونگەرایی نزیکتر بخاتەوە. بۆچونەکانی زۆر لەفەیلەسوفەکانیش لەسەر ئەوەی کە هەرکام لەسارتەر

## نیچە و ئەنتی فێمێنیزم

### ئەو شتەی لەناومان دەبات، بەهێزمان دەکات

**نیچە**

فردریک نیچەی فەیلەسوفی ئەڵمانی، لە (١٥ ی ئۆکتۆبەری ١٨٤٤) لە دایکبووە لە ئاگۆسنی (١٩٠٠) مردوە و گرنگی زۆری بە ئاین و ئەخلاق و رۆشنبیریداوە. ئەم بابەتە قسەکردنە لەسەر بۆچوونێک کە پێیوایە نیچە بۆچوونەکانی لەسەر ژن زۆر خراپە، بەڵام ئەم بۆچوونە دەیەوێت بڵێت بۆچوونێکی تریش هەیە کە نیچە بۆچوونی باشیشی لەسەر ژن هەیە.

نیچەو فێمێنیزمی هاوچەرخ، دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کەئایا ئەوەی دەربارەی نیچە سەبارەت بەسوکایەتی بەژنان وتویەتی راستە...!

ئایا فەلسەفەکەی نیچە تاکوێ دەتوانێ سودمەندبێت بۆ تیۆرو تێزی فێمێنیستی؟ لەکاتێکدا کەفێمێنیستەکان پەیوەندیەکی جۆراوجۆریان لەگەڵا فەلسەفەکەی نیچەدا هەیە، بەشێکیان پێیانوایە سودەمەندەو بەشێکیشان قسە لەسەر زیانبەخشی ئەو فەلسەفەیە دەکەن.

لە کتێبی (نیچەو فێمێنیزمی هاوچەرخ) دەیەوێت باس لەجوڵانەوەی بزافی فیمێنیستی بکات و وا پێناسەی دەکات «جوڵانەوەی فێمێنیزم جوڵانەوەیەکە تیایدا لایەنگریی لەمافی ژن دەکرێ، ئەم جوڵانەوەیە خوازیاری ئەوەیە کە پێگەی راستەقینەو شایستەی ژنان بۆ ژنان بگەڕێندرێتەوە».

قسە لەسەر چەوساندنەوەی ژنان دەکرێت لەلایەن پیاوانەوە لەبوارەکانی فێربوونو پەروەردە، رێگا بەژنان نەدراوە بێنە ناو بوارو لایەنەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئاماژە بەوەشدەکات کەهەندێک لەپیاوان هەڵگری ئایدیایەکی یەکسانیخوازانەن ویستویانە ژنان بێنە مەیدانەوەو نەبنە پاشکۆی پیاوان.

بەڵام بەشێکی تر لەپیاوان بۆچونیان وایە کەژنان تەنها کۆمەڵێ پەیکەرو لاشەن بۆ تێرکردنی ئارەزو وخواستە سێکسیەکان.

لەم کتێبەدا قسە لەسەر ئەوە کراوە کەهەندێک لەپیاوان باوەڕیانوایە کە

ئەوە خودی ژنانن بەشێوەیەکی مێژوویی وایانهەڵبژاردوە،کەلەدەرەوەی ماڵەوە چالاکیان نەبێت، خۆیان لەمەیدانەکانی کارو دەسەڵات بەدوورگرتووە.

لە ڕاستیدا، ئامانجی جوڵانەوەی فێمێنیزم ئەوەیە ئەو بۆچوونانە بگۆڕێ کە بەکەم و ژێر دەستەیی لەژن دەڕوانێ، لەبەرئەوەی جوڵانەوەکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کەژنان پێناسەی خۆیان بکەن، بەها تایبەتیەکانی خۆیان فۆرمەڵە بکەنو لەمەیدانە سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی و رۆشنبیرییەکاندا دەنگی خۆیان بەگوێی کەسانی تردا بدەن، کۆمەڵگەیەک دروستبێ کەژنیش وەکو پیاو رێزو بەهاداری خۆی هەبێ وەکو مرۆڤ شایانی رێزو بەها بێت.

پەیوەندی گرنگی نیچە بەفەلسەفەی فێمێنیزمەوە دەیەوێت قسە لەسەر ئەم جوڵانەوە کارایەی ژنان بکات، کەلەسەرتاسەری دونیادا بەفەلسەفەی بەرگری لەمافی ژنانو بەدەستهێنانی بەرانبەری ناسراوە.

لە لایەکی ترەوە لە کتێبی «کاتێ نیچە گریا»کەلەلایان ئیرڤین دی یالوم «نووسراوەو لەو کتێبەدا دیالۆگێکی بەرفراوان لەنێوان (یۆزیف برۆیرو لۆسالۆمی) دا هەیە.

کاتێک لۆسامی–خۆشەویستی بێ ئاکامی نیچە –گوایە سەرچاوەی شێتیو خۆکوشتنی نیچەیەو گوایە هۆکاری سەرەکی دیدوتێڕوانینە خراپەکانی نیچەیە، سەبارەت بەژنان–دەگاتە ئەو قەناعەتەی کەنیچە تەندروستی زۆر خراپە، بۆیە دەیەوێت یارمەتی بداتو پەنادەباتە بەر دکتۆر برۆیر، بەڵکو فریای نیچە بکەوێت.

بۆیە لەنامەیەکدا بۆ برۆیر، لۆسالۆمی دەڵێ «دکتۆر بویر، دەبێ لەمەڕ بابەتێکی گرنگەوە لەگەڵتاندا بدوێم».

ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانی لەمەترسیدایە، سبەی کاتژمێر نۆ لەکافێی سۆرنینۆ چاوەڕوانتانم» ٢١ ئۆکتۆبەری ١٨٨٢، لۆسالۆمی).

مەبەستە بڵێم لەم کتێبەدا هەرگیز ئەوە بەدیناکرێت ئەوەی کەگوایە نیچە بۆ چوونەکانی سەبارەت بەژنان بەهۆی لۆسالۆمییەوە بووە.

راستە نیچەو پاولرێ، هەردووکیان پەیوەندییەکی روحیان بەلۆسالۆمییەوە هەبووە، بەڵام لەم کتێبە گرنگەدا «کاتێ نیچە گریا» هەرگیز باس لەو فاکتەرە ناکرێت کەلۆسالۆمی رۆڵێکی وا نێگەتیڤی گێڕا بێت.

لەنووسینەکانی نیچە دژی ژنانە، ئەوەندەش رەگەزمان دۆزیەوە کەنیچە دژی ژن نییە، بەڵام هێشتا نووسینەکانی نیچە پێویستیان بەخوێندنەوەی زیاتر هەیە».

**سەرچاوەکان:**


١- ویکیبیدیا الموسوعە الحرە، فریدریک فیلهیلم نیتشە، حیاتە، سیرتە الفلسفیە.

٢- زن درتفکر نیچە، نوشین شاهندە، قصیدەسرا، طهران، ٢٠٠٣.

٣- نیچەو فێمینیزمی هاوچەرخ، نوشین شاهیندە ، وەرگێڕانی لەفارسیەوە: محەمەد کەریم

٤- کاتێ نیچە گریا، نوسینی ئیرڤین دی یالوم

